# ئاگاداری




**سیاسەت**، ناوی گۆڤاریکی تیۆری سیاسی وەرزانەیە کە یەکەم ژمارەی رۆژی هەینی رێکەوتی ١٢ سپتەمبری ٢٠٠٢ لە وڵاتی سوێد لە چاپ هاتەدەر و دەست بە بڵاو بوونەوەی کرا.  بابەتەکانی گۆڤاری **سیاسەت** ئەو نووسراوانە دەگرێتەبەر کە پێوەندیان بەو چەمک، دیاردە و باسە سیاسیانەوە هەیە کە لە نێو کۆمەڵگای سیاسی کورد و لە ئاستی جیهانی دا سەبارەت بە مەسەلەی کورد یان وەک باسێکی فکری سودمەند بۆ خوێنەری کورد لە ئارادان.  بە پێی ئەو پرینسیپانەی بۆئەم گۆڤارە دیاری کراون،  نووسراوەکانی ئەم گۆڤارە نێوەرۆکیکی تیۆری ـ فکری و شێوازی لێکۆڵینەوەیان هەیە.

**دیسکورسی سیاسی و سیستمی سیاسی لە ئێراندا** سەردێری سەرەکی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "**سیاسەت**" ە کە لە ١٢٠ لاپەرەدا کۆمەڵێک بابەتی تیۆری و فکری بە پێزی گرتووتە خۆ. ئەم بابەتانە بریتین لە:

سەروتار: **گۆڤاری "سیاسەت" و تیۆری سیاسی** لە لایەن سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەحمەد عەزیزی، **مودێرنیتە و ئاوەزی سیاسی** د. عەبباس وەلی، **چەند سەرنجێک دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی** شەماڵ ـ کاوە،

**سیستمی سیاسی ئێران لە پاش شۆرشی** ١٩٧٩ د. خالید ساڵح، **فیدرالیزم و سیستمی فیدرالی** ـ ئەحمەد عەزیزی

**لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتەوە بۆ بەرێوەبەری** ـ عەبدوڵا حیجاب، **روناکبیریی ئایینی لە مەنگەنەی سووننەت و مۆدێرنیتەدا** ـ رێبوار کەریمی،  **ئەزمونێکی نوێ لە رۆژنامەڤانی لە کوردستانی ئێراندا** ـ ب. سارا

**پێشووەچوونەکانی ئێمرۆیی دین** ئانتۆنی گیدێنس (Anthony Giddens) لە وەرگێرانی سیاوەش گۆدەرزی.

(**ناسیونالیزم و مەسەلەی کورد** وەک  سەردێر بۆ بابەتی ژمارەی دووهەمی گۆڤاری"**سیاسەت**" لەبەر چاو گیراوە.)

بۆ بە دەستهێنانی ژمارەکانی گۆڤاری سیاسەت ساناترین شێوە ئابوونە کردنی ئەم گۆڤارەیە. بۆ ئابوونەکردنیش لە رێگای ئەو ژمارە پۆستییەی خوارەوە یان بە پرکردنەوەی ئەو بەرگە پوستییەی کە لە تەک گۆڤارەکەدا بڵاو دەبێتەوە و دانی ٢٠٠ کرۆنی سوێدیی یان لە دەرەوەی وڵاتی سوێد ٢٥ $ یان ٢٥ Euro ، گۆڤاری سیاسەت بۆ ساڵێک، واتە بۆ٤ ژمارە ئابوونە بکرێ.

ئادرەس: Siyaset
Box 2040
Sweden /145 02 Norsborg
ژمارە حیسابی پۆست: 3 -1303467

تەلەفون & فاکس: 63 800 531 (8)-46 +
E-mail: siyaset@hotmail.com